# چەند گۆشەنیگایەک

شێرزاد عمر محمد فرج

*لە ڕووسیادا ڤلادیمێر پۆتین نزیکەی دوو لە سێی دەنگەکانی بە دەست هێنا، کار وابڕوات جاری داهاتوو ڕووی دکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات سپێ دەکات. ئایا ئێستا ئەتوانین بڵێین سەردەمی دکتاتۆریەتی دیموکراتیزمە،ئەوە نەبوو جۆرج بۆشی دکتاتۆریش بە هەمان دیموکراتییەت هاتە سەر حوکم؟. هەموو لە بیرمانە کە ژمارەی دەنگەکانی کەمتر بوو لە بەرامبەرەکەی بەڵام بە قودرەتی دیموکراتیزم دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەی ئەوە نییە تورکیای دیموکرات دۆستی طالبانی خەریکی خولْقاندنی کوشتارە لە کوردستانی دیموکراتی دا لە ژێر چەتری دیموکراتییەتی ئەمەریکادا؟

* پە ڕلەمانی کوردستان دوای ماوەیەکی زۆر لە سوڕی سڕبوون بەم زستانە کەوتەوە جوڵە و یاسای ڕۆژنامەنووسی دەرکرد کە پڕە لە پێشێل کردنی مافی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین پەڕلەمانێك کە بەرهەمی دیموکراتیزمی دکتاتۆرییەت بێت لەوە باشتری لێ چاوەڕوان ناکرێت. سەیر لەوەدایە نیوەی ئەندامانی پەڕلەمان ئەندام و گوێڕایەڵی پارتی سەرۆکن، بەڵام لە پرسێکی وا گرنگ دا هەڵوێستییان دژی مەسعود بارزانی دەرچوو. ئەمە بۆ خۆی تجربەیەکە کە کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستان پێویستە هەروەك ڕۆژنامە نووسە ئازادیخوازەکان بیکەن بە دەرس بۆ خۆیان و لە خەباتی ئایندەیان دا دوای پشت بەستن بە هێزی لە بن نەهاتووی خۆیان بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵات بەکاری بێنن.

*فیۆرباخ دەڵێت "مرۆڤ ئەوەیە کە دەخوات" . ئەگەر ئێستا فیۆرباخ بمایەت داوای لێبوردنی دەکرد و لەو ووتەیە پەشیمان دەبوویەوە، لە پاش ئەوەی دەیبینی خەڵکی کوردستان بۆیان دەسەلماند کە وانییە. ئەی ئەگەر وایە کەواتە مەسئولەکان لە هەموو مرۆڤایەتی مرۆڤ ترن، ئەی ئەوە نییە هەموو موڵکی ڕابردوو و ئێستاو داهاتووی کوردستانییان حەپەلووش کردووە.

*لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەڵێت "بچووك مانەوە ناکۆکی هەیە لەگەڵ کۆمۆنیزم" تۆ کە ئەمە دەزانیت بۆ حککع بچوکتر دەکەیتەوە و حککك دروست دەکەیت. ئەوەی باشە کرێکاران و چەوساوەکان و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك ئاگایان لێتان نییە ئەگینا دەیان پرسی ئەوە حککع تان بە کوێ گەیاند وا حککك مان بۆ دروست دەکەن.

22/12/2007